

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەیییە؛ نها.

**ژمارە ٤٢ ـ ٢٩ی سەرماوەز ٢٧١٨**

■ **چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

جێگر بەختیار
شەرمین ساڵحی
زانا شەریفیان
ناسر فەتحی
ڕەحمان جەنگ
ڤەرهاد ساڵەحی‌فەر
موحسین سوبحانی
بیژەن ڕەحمانی

■ **وێنەی ڕووبەرگ:**

Martina Häusermann

■ **بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٣٤...

■ **ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

- چیرۆکی کارگەیی
- بەتامی چیرۆک

• ئامادەکاران:
ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

٢٩ی سەرماوەز ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

**"قەدەر"**

هەتا توورە بایە بە ژوورەکەدا هاتوچۆی دەکرد و دەستەکانی هەڵدەگلۆقی و جارجاریَ لێوی دەکرۆشت. بەینابەینیش چاوەکانی کز دەکرد و وەک بۆ شوێنێکی دوور بڕوانیَ نیگای تیر دەکرد و دەوەستا و ئاهێکی لە ناخەوە دەکێشا و ئیتر ئاگای لە دەورووبەری نەدەما تا ئەو کاتەی شەکەت دەبوو و دەگەڕایەوە سەر تەختەکەی خۆی. ئەم حاڵەتەی لای زۆربەی هاوزیندانییەکانی لە ژوورەکەدا نامۆ نەبوو. بەڕواڵەت پیاوێکی مۆن دەینواند بەڵام کە هاوژوورەکانی لەو ماوەیەدا یەک بە یەک دەیاندواند و بە ڕابردوویدا ڕۆدەچوون هەر زوو دەیانزانی ئەو حاڵەتەی ئێستا پەرچەکرداری ئەو لەمپەرانەیە ژیان خستوویەتیَ ڕێی و هەرگیز مۆرکی خوویەکی ئەزەلییان پێوە نییە. گشت هاوژوورەکانی بەسەرهاتەکەیان دەزانی. خۆی بیَ ئەوەی شەرم لە چارەنووسی بکات گێڕابوویەوە. هەمووان دەیانزانی دوای ئەوەی بە تاوانێکی سیاسی هەڵدیَ و ماوەیەک لە تورکیا دەمێنێتەوە تا ژن و منداڵەکەشی خۆیانی پیَ بگەیێنن و یەکسەر بەرەو ئورووپا بڕۆن و لە دوای ناکامییەکی زۆر و پاش دوو ساڵ و لەو کاتەیدا بە ناچار بە تەنیَ بەڕیَ دەکەویَ و لە زیندانێکی هەنگاریا بە تۆمەتی بەزاندنی سنوور دەگیریَ، کۆنەعاشقێکی ژنەکەی کە دوورەخزمێکی هەرە نەیاری خۆشیەتی بە زەبری خەزووری و بە حوکمی دەستڕۆیشتوویی لە لای حکوومەتەوە تەڵاقنامەیەکی غیابی دەگریَ و هەر بە زۆری زۆرداری مارەی دەکا و مناڵەکانی دەنێرێتەوە بۆ ماڵی باوایان. بیستنی وەها هەواڵێک ئێجگار هەژێنەر دەبیَ. ئەو کاتەی لە ژوورێکی غوربەتدا دەکەوێتە هاتووچۆ و دەستەکانی هەڵدەگلۆقیَ و لێوەکانی دەکرۆشیَ و بڕیار دەدا بگەڕێتەوە، بووبوو بە مرۆڤێک پڕپڕ لە تۆڵە و کینە. دوای هەوڵی بۆ کوشتنی ڕەقیب بڕیار دەدا دەستی ژن بگریَ و لەگەڵ منداڵەکاندا لە سنوور ئاودیویان بکات. بە شێوەیەکی سەیر ڕەقیبەکەی کە چوار گوللەی پێوە دەبیَ، دەمێنیَ و ئەمیش بە خاو خێزانەوە پێش ئەوەی لە سنوور دەرباز بن دەگیریَ. گیرانێک کە تێکڕای تاوانەکانی یەکجار پیَ جێبەجیَ دەکەن.

ئەو ئێوارەی بە بیانووی مەلاقاتەوە دەیبەن بۆ ژوورێکی تاکەکەسی هەم خۆی و هەم هاوڕێکانی دەزانن بەرەبەیانی سبەی ڕۆژ لە سێدارەی دەدەن. ئەو شەوە لەو شەوانە بوو کە مرۆڤ دەبیَ یەک یەک بیرەوەرییەکانی هەڵداتەوە.بەڵام لای ئەو تەنیا شت کە لەو ژوورە چووکەدا لە کاتی پیاسەی کورت مەودای و پێکدادانی دەستەکانی و گەستنی لێویدا بیری لێدەکرایەوە تۆڵەیەک بوو کە دڵنیا بوو چیتر فریای ناکەویَ.

بە هەموو کەند و کۆسپیەوە ژیان دیوێکی دی هەیە کە زۆر جار بە خودی مرۆڤ هەڵنادرێتەوە. دیوێک کە ڕەنگە بانتر و دوورتر بێ لەو خەیاڵەی هزری مرۆڤ بۆی دەڕوا و لەو ژیانەی تەمەن دەیبڕێ. ڕەنگە ئێستا ئەم ژوورە نسرمەی شارێکی سپی پۆشی ئورووپا کە وێنەی پیاوێکی نیگاکووری تیژڕوان بە دیوارەکەیدا هەڵواسراوە و کوڕێکی هەرزەکار لە حاڵێکدا خۆشک و دایکەکەی لە ئامێز گرتووە و تێیڕاماوە هەمان ئەو دیوە نەبینراوەی ژیان بێت لێرەدا...

✍ **موحسین سوبحانی**



📷 Martina Häusermann

## "کورتێ"

مێژووی چۆنێتی ژیان و گەورەبوونی کورتێ، لەنێوان ئەو ڕۆژەوەی تێیدا لەدایک بووە تا ئەو ڕۆژەی تێیدا شووی کردووە، ونە و، بەداخ و کەسەر و پەژارە و حەسرەت و خەفەت و ئازارێکی زۆر گرانەوەوە هیچ سەرچاوەیەک لەبەردەستدا نییە کە چۆن ئەو مەودا زەمەنییەی دەرباز کردووە. بەڵام بەخۆشحاڵییەوە، پاش ئەوەی شوو بە ڕۆشنبیرێکی ژەنیاری ساز دەکات، کە نازناوی "ناساز"ی لەسەر خۆی دانابوو، مێژووی لەوەودوای ژیانی، ئاشکرا دەبێ. ڕۆژێک کە کورتێ لەبەر ئاوێنە بەسەرخۆی دا هەڵدەڵێ، ناساز ئاگای لێ دەبێ و پێی دەڵێ: "ئەوەیە شێعر! بەڕاستی تۆ دەتوانی ببی بە شاعیرێکی مێژوویی!"

ئیدی کورتێ یەکەم شێعری ژیانی خۆی بەمشێوەیە دەنووسێ: "بەداخ و کەسەر و پەژارە و حەسرەت و خەفەت و ئازارێکی زۆر گرانەوەوە ئیتر مێژووی ژیانی خۆم ناسڕمەوە!"

✍ ناسر فەتحی



Martina Häusermann

## "بۆنی هەڵوا"

باوکی محەمەدی حاجی کەریم قەت دڵی نەدەهات؛ تێر بە زگی نان بخوات. بەوحاڵەش ڕا نەوسنییەکەی بێئامان بوو. بۆخۆی دەیگێڕاوە؛ دەیکوت: هێشتا دمرووت بووم؛ چووبوومە میوانی بۆ دێهاتی شامات؛ بۆنی هەڵوام بەسەر دا هات؛ بەڵام کە شەوێ سفرەیان ڕاخست؛ هەڵواکەیان دانەنابوو. منیش پێم عەیب بوو داوا بکەم. سـویێندی دەخوارد؛ دەیکوت بۆ بەیانی لە سـوێی هەڵوا، تەواو ئەسـتوور ببووم. حاجی کەریم پاڵی دابۆوە و لاقی لەسـەر لاقی دانابوو و بە سەری قامکی گەورەی دەستی ڕاستی، تووتنەکەی لەسەری سەبیلەکەی دەئاخنییەوە. هەر مژێکی لە سـەبیلەکەی دەدا و ئاخێکی هەڵدەکێشا بۆ ژیانی ڕابردووی. دوای ئەوەی ژنەکەی لەسەر دڵپیسی تەڵاق دا؛ ڕۆژبەڕۆژ ماڵیدنیای لە زۆر بوون دا بوو و کەیف و خۆشـیی لە کەمی. کاتێک ئیدارەی ئەوقاف بە داری دەسـتی لە ماڵ و حاڵەکەی وەدەرنا؛ قەت پێیوانەبوو بەو هەمووە ملْک و ماشەوە، ئاوارەی قووندەرکان بێت. حاجی لە حەیفی محەمەدی کوڕی کە بە نەشـتـەرگەری، ڕەگەزی گۆڕیبوو؛ تەواوی سـەروەت و سـامانی وەقفی ئیدارەی ئەوقاف کرد. نەینووسـیبوو دوای مردنم! ئیشـتیای بۆ هەڵوا دەچوو.

✍ بیژەن ڕەحمانی



Martina Häusermann

## "لەیلالیزا"

چەندی سەیری لادیوارەکە دەکا پێی بێزار دەبێ، تەنیا ئەو لادیوارەی بەرامبەری بە سپیەتی ماوەتەوە، لادیوارێکی دوو مەتر درێژی و سێ  مەتر بەرز. حەزدەکا وێنەیەکی لەسەر بکێشێ، وێنەی پۆرتریەتی کەسایەتیەک بێت. هەر چەندە حەز دەکا وێنەیەکی تر بەم بۆیە ڕەشە بکێشێ، بەس زۆر دڕدۆنگە دەترسێ هەر کە دەستی پێکرد دیسان لێی بشێوێنن، وەکوو وێنەکەی لەیلالیزا. هاهاها لەیلالیزا، ئەم ناوەتان لا سەیر نەبێت. ئەمە وێنەی شۆرشگێرەکی کوردە کە کە لێناردۆ داڤینسی وێنەکەی کێشاوە و ئەویش دووبارە لەو ڕۆژانە پێشو لەسەر لادیوارێکی سپی وێنەکەی کێشاوە. سێ ڕۆژ پێشی ئەمرۆ، کە هاتە سەر کار، حەزی کرد وێنەی پۆرترەیتی ئافرەتێکیش لە پاڵ وێنەی پۆرترەیتی ئەم چەند پیاوەش هەبێت کە خۆشی دەوێن و وێنەی کێشاون.  لە گۆگڵ دەستی بەگەڕان کرد و دوو وێنەی دابەزاندە ناو مۆبایلەکەی. وێنەیەکی مۆنا لیزا و وێنەیەکی لەیلا قاسم. دوو دڵ بوو، وێنەی کامیان بکێشێ. لەبەر خۆی دا دەیگوت: "مۆنالیزا دەکێشم. نا نا نایکێشم دواتر یەکێک بپرسێ مۆنالیزا کێیە؟ هەیهوو هەیهوو جا وەرە لیناردۆ داڤینسی پێ بناسێنە، خۆ نان و پیوازم لەگەڵی نەخواردووە! نا لەیلا قاسم دەکێشم هیچ نەبێ دەڵێم لەیلای مام قاسم، کچە کوردە، لە کۆڵی خۆمیان دەکەمەوە، کەس کاری بە کورد دا نییە.

نەوەڵا وا چاکە مۆنالیزا بکێشم خۆ هیچ نەبێ ڕەنگی کوردان نادات و کەس گومانی ئەوەم لێناکا وێنەی خۆشەویستەکەم کێشابێت، کەس پێم ناڵێ: ها گەواد ئەوە کەپڵتە؟!"

دەستی دایە بۆیە ڕەشەکە و دەستی کرد بەکێشانی ئیتارێکی خێرای وێنەکە، جارێک چاوی لەسەر وێنەکەی ناو مۆبایلەکەی بوو و جارێک چاوی لەسەر دیوارەکە بوو.

ئۆتۆمبێلێک دوو- سێ هۆڕنێ لێدا،

- بەڵێ، برا

- بەنزین هەیە

- بەلێ

- بە چەندە؟

- حەوت سەد و بیست و پێنج

- جا بۆ وا گرانە؟

- بلێم چی؟ کرێکارم

- هەرزانتر نابێت؟

- نا کاکە سیعرەکەی دیاری کراوە معامەلەی لەسەر ناکرێت، خۆ تەماتەت پێ نافرۆشم

- تەماتەش گران بووە؟

ـ نازانم ئاگام لێی نییە

ـ خوا ڕووی ئەم حکومەتە ڕەش کا، هەمووشتێکیان گران کرد، نان نییە بیخۆین، ڕۆژ تا ئێوارە ڕاکە

ڕاکمانە و لە کۆتایی دەبێ لە دەستی ئەوانی بکەینەوە.

ـ بۆ شیرە شێر لەسەر من دەکەی، خۆ حوکمەت باوکی من نییە؟ هەر ئێوە دەنگتان پێی داوە.

لەوە گەڕێ نەتگووت چەندی بەنزین تێکەم؟

ـ ئا، پێنج هەزار. بەنزینم پێیە، بەس دەڵێم نەکا لێم ببڕێ. ئەرێ ئەوە چیت دەکرد؟

ـ وێنەم دەکێشا

ـ ئەو وێنانەش تۆ کێشاوتە؟

ـ بەڵێ

ـ هەموویان دەناسی؟

ـ ئم

ـ ئەی بۆ وێنەیەکی فلاّن سەرۆکت نەکێشاوە؟

ـ کاکە بەنزینەکەم تێکرد.

بەڕێی کردوو چووەوە سەر وێنە کێشانەکەی، لە مۆبایلەکەی وێنەکەی لەیلا قاسمی دەهێنایە پێشەوە و وردە وردە دەیکێشا. کاتێک هێندەی نەمابوو وێنەکەی تەواو بکات ، لێی ورد بووەوە، بینی ئەم وێنەی کە کێشاویەتی بە لەیلا قاسم ناچێت، لەیلا قاسم دەم و چاوی درێژە و ئەوەی ئە کێشاویەتی گوپنە.

وردە وردە لایەکانی باریک دەکردەوە و کەمێک دەستکاری کرد.

لێی ورد بووەوە سەیر کرد، بە مینگە مینگ دەیگوت: ئۆی ئەوە من چیم کردووە؟

بیری کەوتەوە، کە سەرەتا نیازی وابوو مۆنالیزا بکێشێ دواتریش لەبیری چوو، کردی بە لەیلا قاسم، وێنەکەی ڕێک بۆتە تێکەڵەیەک لەم دووانە.

وێنەیەکی تێکەڵ لە مۆنالیزا و لەیلا قاسم بە ڕەنگی ڕەش لەسەر دیوارێکی سپی، دەستە و دامان لەدیاری مایەوە هیچم پێ لەگەڵی نەکرا، بەخۆی پێدەکەنی.

ئەمڕۆش حەزدەکات وێنەیەکی نوێ بکێشێت، ئەمجارە بەپێچەوانەوە وێنەکەی پێشووی، پێچەوانەی لەیل لیزا، مۆنا قاسم دەکێشێ.

ئۆتۆمبێلێک هۆڕن لێدەدات!

ـ کاکە ئەم هەموو هۆڕنەت لە چییە؟ یەک خولەک ئەوە هاتم، خۆ بەنزین هەڵنایە.

✍ جێگر بەختیار



Martina Häusermann

## "قالە قانوون"

دیتنەوەی "قالە تاسەنگ"، هێندی وەدەست خستنی کولۆیەک "تریاکی"ش کاری نەبوو. هەموو ڕۆژانی ئاسایی لە کاتی ئیداریدا بە بێ پرسیار و هەڵخولان، لە تەنیا چاییخانەکەی بەر دەمی "دادگا"، هەرکەس بیویستایە ئەگەر چاییخانە زۆریش قەرە باڵغ بوایەت و، قەت لەوەپێش نەشی ناسیبوایە؛ بێ سێ و دوو بەو نێو نیشانانە دەیدی و دەیناسییەوە. ١ـ هەمیشە لە پێش پێشەوەی چاییخانەکەو، ناسنامەکەی لە ملی دا، لە سەر یەکەم کورسی دادەنیشت. ٢ـ هەمیشە یان پوڵێکی ئاسن بە دەستەوە و، هەڵی دەخستەوە، یان پوڵێکی قاقەزی لە سەر مێزەکە لەبەر دمی بوو. ٣ـ خەتی ڕیش وسمێڵی لە گەڵ هەموو کەس ئەو جیاوازییانەی هەبوو: " لای ڕاستی، وەک ڕیشی نەهاتبێت لەسەر سەرێوە لێدەدا و، خەتی لای چەپیشی هەتا خوار گوێچکەی دەهێشتەوە. بەڵام سمێڵی بە پێچەوانە، لای ڕاستی هەر لە نیوەی ڕا دەقرتاند و، لای چەپیشی نەک هەر لالەغاوەی دادەپۆشی؛ قەفێکیشی بادەدا و ڕووی دەکردەوە لای گوێچکەی".

٤ـ دایم و دەرهەم قۆڵێکی تا هەنیشکی هەڵدەکرد و، قۆڵێکیشی لە سەر پەنجەی لانەدا و، تەنانەت دووگمەی سەردەستەکەشی دادەخست. قالە تاسەنگ بەشێکی زۆری تەمەنی لە زیندان تێپەڕاندبوو. ئاخرین جار کاتێک لە دووکانێک میوە دەکڕێ، هەرچی دەڵێ کاکە چەندەت دەوێ دەتدەمێ بەڵام مەیکێشە و مەیخە سەر تەرازو؛ کابرا دەڵێ نابێ و، لێیان دەبێتە شەڕ. وەختێک کاریان دەکەوێتە مەحکەمە و، دادوەری تازە دامەزراو چاو لە دۆسیە و، ڕابردووی دەکات؛ دەبینێ قادر هەر لە سەر شت کێشان و نەکێشان بەو دۆسییە نوێیەوە ئەوە نزیک چل جار، ڕێی کەوتووەتە مەحکەمە. گەرچی بۆ هۆکاری هەر کارێکی ئاسایی و نا ئاسایی وا دەیکرد، هەر کات لێت پرسیبایە، تەنیا وڵامی "بۆم دەلوێ بۆیە" بوو؛ بەڵام ئەو جارەیان بە پانەوە بە دادوەر دەڵێ: "قوربان خۆ کفرم نەکردووە، نامهەوێ چاوم بە تەرازو بکەوێ و هەرچی بچێتە سەر تەرازو ئیدی تەبعم نایبا و پێی دەڕشێمەوە، بلێمچی!. تۆ بلێ قوربان ئەو شتە بۆ خواردن ناکڕدرێت!. دوای ئەوەی دەڵێم بە زیادەوە داینێ و دەتدەمێ. کابرا هەرچی سارد وسووکە پێم دەڵێ و دواییش تێم ڕوا دێ، ئەی قابیلە ڕاوەستم تێمهەڵدا!!.

بەڵام خۆ قالە، کەری بە کاڵی دەخوارد. هەر دۆینێ و پێرێ بۆ سوێندێکی نابەحەق ملوێن و نیوێکی لەکابرا ساندبوو. نەک هەر خۆی، عێلێکی دەست و پێوەند هەبوو. بۆخۆی هێندی دادگایەک خەڵک ڕوویان تێدەکرد و، بۆ هەموو گرێ پووچکەیەکی قانوونی ئەو ڕێکاری هەبوو. لە ئاستی هیچ کێشەیەکی یاسایی دانەدەما و، هەموو ڕستەو، بڕگەکانی وەک لە بەری دەستی نووسرابێن وابوو. هەر بۆیە هەموو نەدیو و حەشارگە و، فڕوفێڵەکانی دەزانی

و، وەک ئاوێکی فێنک هەڵقوڕێنێت، بەسەر یاسا  دا بازی دەدا. دوای ئەوەی دادوەر باوەڕی پێناکا و، قسەکانی وەکوو بیانویەک بۆ تەشقەڵە بە کابرا دادەنێت؛ بەو ئاکامە دەگات وا یاسا هەر بۆ تاوانبار کردنە و، بۆ بێ تاوانی هیچ یاسایەک نییە.

دوایین داهێنانی، پێشبڕکێی یاسا هەر بە یاسا بوو.

✍ ڕەحمان جەنگ



📷 Martina Häusermann

"burberry week end"

من هەمیشە حەز بە دانیشتن لە هۆڵی چاوەڕوانی ناو تیرمیناڵەکان دەکەم! بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە ئەو شوێنانە ئازاریان دەدەن بە تایبەت هەرای دەلاڵەکانی دەرەوەی گاراجەکان و لە ناچاری خۆیان بە شتێکەوە سەرقاڵ دەکەن ، تەنانەت جاری وایە دوو سێ کاتژمێر زووتر دەچمە تێرمیناڵ بە تایبەت تێرمیناڵی شارێکی گەورەی وەک 'تاران' ، هەست دەکەم لەناو ئەو قەرەباڵغی و ئاڵۆزیەی ناو هۆڵەکە هەمیشە شتێکی تازە بۆمن هەیە! نازانم ڕەنگە من ئاسایی نەبم ، ئەوەش ناشارمەوە کە جۆرێک چێژی تایبەت دەبەم لەم چاوەڕوانیکردنە و هەست دەکەم بە دوای ونبوویەکدا دەگەڕێم هەڵبەت دڵنیا نیم لە دۆزینەوەی! بەتایبەت کۆتایی حەفتانە و هێندێ جار بەبێ ئەوەی نیازی چوونە سەفەریشم هەبێت سەرێک لە تێرمیناڵ دەدەم..

ڕەنگە پەیوەندی بە کارەکەمەوە هەبێت من چونکە لە کارگەیەکی دروونی جل و بەرگی ژنانە ئەرکی دروستکردنی مۆدێلەکانم لە ئەستۆیە حەزدەکەم بۆ داهێنان لە کارەکەمدا سەر بە هەموو قوژبنێکدا بکەم و لە زۆر شت کەڵک وەربگرم ، ئەو کەسانەی لە ناو هۆڵی تێرمیناڵ تووشیان دەبم وەک کۆمەڵێک مۆدێلی هەمەڕەنگ وان کە لە جێگایەکدا بە ویستی تۆ کۆکرابنەوە.

بەڵام ئەمڕۆ بە پێچەوانەی پێشوو تەنیا شتێک ئازاری دەدام هۆڵی چاوەڕوانی ناو تێرمیناڵ بوو! لە دوای شەو نخوونیەکی زۆر و بەیانیش بە شەڕ کردن لەگەڵ خاوەن کار و هاوکارەکانم بە دڵ ئیشی و زوویر بوون جانتایەکەم هەڵگرت و بە قەڵسی لە کارگەکە هاتمە دەرەوە تەواوی ئەم ڕێگەی کە بە تاکسی لەوانەیە چارەگێکی خایاندبا چل و پینج خولەک بە پێی هاتم و لەبەر ڕێژنەی باران وەک مشکی لە ئاو هەڵکێشراو و خووساو خۆم بە ناو هۆڵی تێرمیناڵەکەدا کرد من ئەو کاتانەی دەهری دەبم تەنیا بە قەدەم لێدان و جگەرەکێشانی بە دوای یەکدا هێور دەبمەوە! ئەمڕۆ تەنیا ژانە سەرەکەم قوورستر بوو و ناو دەمم تامی ژاری ماری گرت ، بە بێ گرنگیدان بە هەراو و هوریا و ئاڵۆزیەکانی دەورووبەرم لەسەر کورسیەک خۆم پانکردەوە و هەندزفریەکانی گوشیەکەم لەناو گوێچکەم نا و چاو لەسەریەک نان...

دەنگی ڕێژنەی باران لەو دیوو پەنجەرەوە دەمباتە خەیاڵێکی خۆش ، هەست بە ئارامی دەکەم دەڵێی لەناو سەرمدا سەنتوورێکی نەرم لێدەدەن! هەمیشە ئەو کاتانەی باران دەبارێ حەزم لە خواردنەوەی دوو پیک ویسکی ئیسکاتلەندیە ، پیاسە کردنی ژێر باران

بۆمن وەک ئەو مەستیە نەرمەیە کە هێدی هێدی دەخزێتە ناو دەمارەکانم ...

لەناو ژۆرناڵێکی کۆندا مۆدێلێکی جلی خەوم دیتبۆوە کە زۆر سەرنجی ڕاکیشام مۆدێلێکی ئیتالیایی چەند دەیە لەوە پێش بوو حەزم دەکرد ئەوە بکەم بە هەوێنی کارێکی تازەتر بە برێک گۆڕانکاریەوە ڕەنگی جلەکە شین بوو شینێکی کاڵ لەو شینەی کە ئاسمانی نیوەڕاستی هاوین بە خۆیەوە دەبینی من زۆر حەز بە ڕەنگی شین دەکەم بەڵام ئاسمانم بە هەوری ڕەشەوە پێ جوانە بەو بارانە ناوەختانەی کە ناخم دەورووژێنن.

بۆ ساتێک هەستم کرد کەسێک لە پەنام دانیشتووە چاوەکانم کردنەوە و سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆمم کرد بەڵام تەنیا خۆم بووم و مۆسیقای ناو هەندزفیریەکانی ناو گوێچکەم! هۆڵی چاوەڕوانی ناو تێرمیناڵم وەک هێلانەی مێروو دەهاتە پێش چاو ، جلە تەڕەکانم بە گەرمای جستەم خەریک بوو وشک دەبوونەوە دەتگوت چوێلەکەیەکم کە خزاوەتە ژێر گوێسوانەیەک خۆم کۆ کردبۆوە و دەستەکانم لە ناو گیرفانی کۆتەکەمدا ، شتێکی نوێ ڕووی نەدابوو..

بەڵام نا هەستم کرد لە کورسیەکەی ڕیزی بەرامبەرم کچێک دانیشتووە و بە سەرنجەوە لەمن دەڕوانێ لەوانەیە ئەویش تێگەیشتبێ کە من جێگایەک لێرە زیاتر شک نابەم بۆ حەسانەوەم چونکە من هیچم وەک موسافیرێک نەدەچوو کە ڕەنگی سەفەری بوون بە ڕووخسارمەوە دیار بێ! لەم کاتەدا هەندزفیری ناو گوێچکەکانم گەیشتبۆ سەر ئەم گۆرانیە" قژ کاڵی لێۆ ئاڵی ، پرشنگی نیگا کاڵ/ ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاااڵ..." لەگەڵ قادر دیلان و دەنگی ساکسیفۆنێک کە ڕۆدەچوو ناخم لە ژێر لێومەوە خەریکی گوتنەوەی بووم ، تا ویستم چاوم سەرێک نێمەوە هەستم کرد ئەو کچەی بەرامبەرەم خەریکە لەناو دەفتەرەکەی شتێک دەنووسێتەوە و لەگەڵ هەر جار نووسینیش چاوێک لەمن دەکات! خۆم گێل کرد و چوومەوە ناو خۆم..

لەسەر مێزی کارەکەم خەریکی دابەزاندنی مۆدێلێکی هاوشێوەی ناو ژۆرناڵەکە بووم لە قەوارەیەکی گەورەتردا و خەریک بووم لەسەر قوماشێکی ساتەنی شیندا وەک تاقیکاری درووستم دەکرد لەپڕ گوێم لە دەنگی کلیلەکانی ناو دەرگابوو کە بەر لە دەرگاکردنەوە بۆنێکی خۆش هاتە ژوورەوە! بۆنێک کە بۆم نامۆ نەبوو ، ئەم بۆنە ئەوەندە تێکەڵم ببوو کە کەسێک ئەگەر لە ئەوبەری شەقام ئەو بۆنەی لێهاتبا من هەستم پێدەکرد بۆنی ئۆدکلۆنێکی تایبەت بوو ، ئەوەی کە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتر کەسێک بێتە ژوورەکەت ناخۆشە بەڵام ئەگەر ئەو کەسە خاوەن کارەکەت بێ و ئەو ئیزنە بە خۆی بدا کە هەرکات بە پێویستی زانی بێتە

کارگەیەکەی دەسەڵاتی ئەوەت نیە لێپرسینەوەی لێ بکەی وەک عادەتی هەمیشەیی و بێ سڵاو کردن و بە بزەیەکەوە هاتە ژوور..

"تەنیا بووم و هەرچەند بە دڵی خۆم خواردنم درووستکردبوو بەڵام نەمتوانی هیچ بخۆم ، خواردنەکەم هێناوە پێکەوە بیخوین ."

دەمزانی بیانوویە و هەرچەند ئەم خەڵوەتەی کە بۆخۆمم درووستکردبوو شێواندی بەڵام منیش بزەیەکی دەست کردم خستە سەر لێو و گوتم سوپاس کە منت لەبیر بووە من ئەو کاتانە لەبەرامبەر ژنێکدا زوو خۆم دەدۆڕێنم و وەک قووڕی شێلەراو خۆم دەدەمە دەست گۆزەکەرەکەم کە بە ئیشتیای خۆی درووستم بکات!

لەبیرم نیە ئاخۆ خەوم لێکەوتبوو یان لە نێوان خەو و بێداری دابووم بە دڵە خورپەوە راچەنیم جانتایەکەم لەسەر کورسیەکەی تەنیشتم هەڵگرت و خستمە سەر کۆشم ، کچەکەی بەرامبەرم وەک ئەوەی هێشتا قەڵەمێک بە دەستەوە و خەریک بوو کونجۆڵیم بۆ درووست بوو یانی خەریکی چیە لەو کاتەوە؟ بۆ ساتێک لە ناو خۆم هاتمە دەر و سەرنجم دایە سەر ئەو بەڵام ئەو بە ئەنقەست رووی وەرسووڕاند و لە شوێنێکی نادیاری رووانی من هەروا چاوێکم لە کاتژمێرەکەی دەستم کرد و چاوێکم لە دەور و بەری خۆم کرد و هەستام دەورێک لێدەم لە ژێرەوە چاوم لێبوو کە حاڵەتی دەم و چاوی گۆڕا!

تا ئەو سەری هۆڵەکە رۆیشتم و لە گەڕانەوەدا بە شێوەیەک کە کچەکە نەمبینێ لە پشتەوەی ریزی کورسیەکان را چاوم بە دەفتەرەکەی کەوت شتێکی چاوەڕوان نەکراو! وەمزانی خەوم بینیوە بەڵام بە هەڵە نەچووبووم لەو ماوەیەی کە من لەسەر کورسیەکەم خەریکی خەونووچکە ببووم ئەو خەریکی کێشانەوەم بووە بەڵام وێنەکەی ناتەواو مابۆوە واتە وەک تەرحێکی سەرەتایی داپڕشتبوو بەڵام وردەکاریەکانی مابوون ، هۆشم لە ژانەسەرەکەم بڕا تەنانەت لە هەموو خولیاکانیشم خۆم وەک کەسێک دەهاتە پێش چاوم کە لە ناوەڕاستی یاریەکدا ماوەتەوە نە تاقەتی درێژەدانی هەیە نە هاتنەدەرەوەش! بە زەینمدا هات بڕۆم و هەر بیریشی لێنەکەمەوە بەڵام شتێک لە دەروونمدا تەکلیفی لێدەکردم تا کۆتایی بمێنمەوە ، وەک ئەوەی ئاگام لە هیچ شتێک نەبووبێ زۆر ئاساییی هاتمەوە سەر کورسیەکەم وەک حاڵەتی پێشووم خۆم لەسەر کورسیەکەدا گڕۆڵە کردەوە و چاوەکانم سەرێک نان ، کچەکە دەستی کردەوە بە کاری خۆی..

پارچە براوەکانی سەر مێزەکەم لە قولینچکیک کۆ کردنەوە و رۆژنامەیەکم ڕاخست کە نانی لە سەر بخۆین ، هاوکات کە جلەکانی دەرەوەی دادەکەند چاوی

کەوتە سەر ئەو لاپەڕە لێکراوەی ناو ژۆرناڵەکە کە بەسەر دیواری پەنا خۆمەوە نووساندبووم " زۆربەی ئەو مۆدێلانەی سەرنجت ڕادەکێشن کۆنن هەستێکی سەیر لەو هەڵبژاردنانەتدا دەبینم زۆر پرسیارم بۆ درووست دەبن تۆ لە کارەکانتدا هەمیشە گەڕانەوەیەکت هەیە بۆ کۆن " سەری چێشتەکەم لابرد و بۆنی شامی کەبابەکان کە هێشتا هەڵمیان لێهەڵدەستا ئیشتیای کردمەوە بەڵام لەگەڵ دانیشتنی لە ڕووبەڕووم و بۆنی جلەکانی ژێرەوەی کە چەند قات زیاتر بوو لەو بۆنەی کاتی هاتنە ژوورەوەی گەرماییەک لە ناو جەستەمدا کەوتە جمووجۆڵ ! تا ئەو جێگایەی کە هەستام و کەلێنێکم دا بە پەنجەرەکە ، حەزم دەکرد ئەم بۆنە لەگەڵ بۆنی باران تێکەڵ بێ ڕەنگە بۆنی بارانی هەر شوێنێک جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەوانی تر، بەڵام بۆ من باران هەمیشە بۆنێکی هەیە !

" لەماوەی ئەم دە ساڵەی کە لە هاوسەرەکەم جیا بوومەوە بیرم لە هیچ پیاوێک نەکردۆتەوە" بە شێوەیەک پارووم دادەگرتن دەتگوت چەند ڕۆژە هیچم نەخواردووە ، جا پیاوت بۆچیە ئاغا و کوێخای خۆتی ! "بەڵام تەنیایی جاری وایە جاڕزت دەکات ، هەرچەند من لەسەر ئەم باوەڕەم کە پیاوی چاک بوونی نیە هەڵبەت ببوورە بەڵام هەموویان ... "

ئەم شامی کەبابانە بۆنی دەستاوەکانی دایکم دەدەن...

" تۆش هیچ جیاوازیەکت نیە لەگەڵ پیاوەکانی تر هەڵبەت کەللە ڕەقیشی لێ زیاد کە."

ڕەنگی شین بۆ من وەک خەوێکی ئارامە لەناو دنیایەک لە ئاوریشمدا چاو لەو وێنەیە بکە ئەم ڕەنگە شینە ئافرەتەکەی داگیر کردووە ، چاوت ببەستە و لە زەینتدا بەلەمێک ببینە کە لەگەڵ شەپۆلە نەرمەکانی ناو دەریادا خۆی دەلەرێنێتەوە .. دەزانی چۆنە جەستەی هەر ژنیک لە گەڵ ژنێکی تر جیاوازی هەیە تەنانەت بۆنیشی، هەست دەکەم ڕەنگی شین لەگەڵ جەستەی تۆدا یەک ناگرێتەوە ، خودی مانکەنەکانیش بە پێی ڕەنگی پێستیان جلیان بۆ هەڵدەبژێرن بەڵام ئەم بۆنە حیسابی جیایە ، چۆن بڵێم هەر ژنێک ئەم بۆنەی لێبێت بۆمن وەک باران وایە!

"ئەوەی کە من وەک پەیکەرێک دەبینی تووڕەم دەکات من حەز دەکەم لە ناو جلێکی شینی تۆخدا لەگەڵت..."

من هاوتەمەنی کوڕەکەتم! من تەنیا ڕۆبۆتێکم کە لە کاتی دیاریکراو و بە پێی ئەرکێک کە پێسپێردراوە خەریکی ئیش کردنم بۆتۆ...

ئەوەی کە لەوە زیاتر بە ئەنقەست خۆم وەک کەسێک نیشاندەم کە لەسەر کورسیەکەی خەوی لێکەوتووە ئازاری

دەدام و وەڕەز ببوم بە هێواشی چاوم هەڵێنان ، هەندزفیریەکانم لە گوێچکەم دەرهێنان و تێکەڵی دەنگەدەنگی ناو هۆڵەکە بووم ، کچەکە زەردەیەکی بچووکی کرد نازانم بۆ هەستی منداڵیکم هەبوو کە بەرامبەر کەسێکی گەورەتر لە خۆیەوە دانیشتووە و متەقی لەخۆی بڕیووە!

چەترەکەم کۆ کردەوە و لەناو ویترینەکەدا چاوم بۆ شوشە ڕەنگاوڕەنگەکان دەگێڕا " تکایە دوو شوشەی بیست میلیم باربری ویکند بۆ پڕ کە" دڵنیا نەبووم ئاخۆ وێنەکەم تەواو بووە یان زیاتر کاری لەسەر دەکا لەم کاتەدا میزڵدانیشم خەریک بوو زەختی بۆ دێنام...

"تۆ کە فرۆشیاری دوکانی عەتری دەبی زانیاریت لەسەر یەکە یەکەی عەترەکان هەبێت ، باربری ویکند مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی... لە لەندەن درووستکرا و پێیدەڵێن عەتری کۆتایی حەفتە واتە ڕۆژی پشوو ، ئەو ڕۆژانەی کە ژنەکان دەچنە میوانی یان دانیشتنێکی دۆستانە ئەو عەترە لە خۆیان دەدەن تەبیعەتێکی گەرمی هەیە و لە تێکەڵاوی بۆنی چەند جۆر میوە درووستکراوە..."

"بەڵام وەک گوتتان ژنانەیە! ئەی بۆ بە کاری دێنن؟"

لەوە زیاتر نەمدەتوانی لەسەر کورسیەکە دانیشم دەستم خستە ناو باخەڵی کۆتەکەم و شووشەیەکی بچووکی باربری ویکندم دەرهێنا و بۆ لای کچەکە چووم، " هیوادارم مۆدێلێکی باش بووبم وێنەکە شتێکی کەمە دواتر ئەم بۆنەشی لێ زیاد کە من دەبێ بڕۆم کاتێکی خۆش..."

چەند ڕۆژە خەریکی ئەم تەرحەم و بۆم جێبەجێ نابێ ئەمشەویش بە نابەدڵی هەموو ئەو پارچە ساتەنانی کە وەک مۆدێلەکە بڕیبوومن بە مقەست پارچە پارچەم کردن ، بە بێ وازی سەرم لەپەنجەرەکە بردە دەرێ و هەوایەکی قووڵم پڕ بە سیەکانم هەڵمژی بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی کەسێک بم لەخۆڕا چاوم لە دەرگا بڕیبوو غەریبی بۆنێکم دەکرد یان ڕەنگە زیاتر ژنێکی کەراس شین کە لە کۆتایی حەفتەدا قۆڵی لەناو قۆڵمدا دەچینە میوانیەک...

کە چراکانی ناو ئوتووبووسەکە هەڵکران منیش وەخەبەر هاتم لاجانگم بە ساردی شوشەی پەنجەرەکە سڕ ببوو لە دەرێ هێشتا باران دەباری نیو کاتژمێر کات دیاری کرابوو بۆ نان خواردن ، لە ئوتووبووسەکە دابەزیم و بەدەم بارانەوە" ئەی کچە مەنگەکەی ، بەدەنگی چپە دوو/ گەندەمووی دەموچاو،مەچەک هەڵنەگرتوو/ ئەی ئەندام وردیلەی،نەرمۆڵەی ئێسک سووک/ئەی بەرگی ساکارت،دڵگیرتر لە هی بووک.."

✍ فەرهاد ساڵەحیفەر



Martina Häusermann

"بەربوونەوە"

سەیری پردە هەواییەکە دەکەم. ئەوە بەرزترین پردی شارە، دیمەنی شار لەوێوە زۆر سەرنجڕاکێش و دڵڕفێنە. دەبێ ئەم پلیکانانە تا سەرەوە بڕۆم و بۆ هەمیشە سێبەری ئەو ترسەی باڵی بەسەرما کێشاوە لە مێشکمدا بسڕمەوە. تەواوی گیانم وەلەرزە دەکەوێت. بە قاچی لەرزۆکەوە بە پلیکانەکاندا وەسەردەکەوم. دیسان بانگم لێدەکات، دەی وەرە تۆ دەتوانی ئەوەندەت نەماوە، تەنیا چوار پلەی دیکە؛ قاچەکانم بە زۆر بە دوای خۆمدا ڕادەکێشم، سێ، دوو، یەک...سەرم گێژ دەخوا، قاچەکانم بە دوایین پلیکانە ناگەن. وەکوو هەموو شەوێ دەنگێک لە پەنا گوێچکەمدا ناوەکەم دووپات دەکاتەوە: هەستە دەنا جێگەکەت پیس دەکەیت! هەستە هەستە... دیسان دڵم وەترپە دەکەوێت، هەموو شتێ بە دەوری سەرمدا دەسووڕێتەوە، تەنانەت جلەکانم لە کۆمێدەکە هاتوونەتە دەر و لە ژوور سەرم قۆڵەکانیان ڕادەوەشێنن. بۆقە بۆقی ماشێنەکان و هات و هاوار و ئاژیری ئامبۆلانسێک لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە. هیچ شتێ لە سەر دیوارەکەدا نەماوە و تەواوی شتوومەکەکان وەجووڵە کەوتوون، هەموویان دوو دەستی گەورەیان هەیە کە خەریکن لێم نزیک دەبنەوە. تەنانەت ماسییەکانی نێو تابلۆکەیش بە تۆنگە شینەکەیانەوە خەریکن بەرەو ڕووم دێن و گەردنم دەگرن. کەسێک لێم دەنەوێت، دایکم پەلم دەکێشێ و منیش بە گریان خۆم بە کراسەکەیدا بەرداوەتەوە و دەڵێم: من ماسیم دەوێ لەو ماسییەسوورانەی نێو تۆنگە شینەکان. بە سەر قۆڵەکانم فرمێسکەکانم دەسڕم و تەواوی ڕێگاکە باوەش بە تۆنگەکەدا دەکەم و بە جێ پێکانی دایکمدا دەڕۆم، جار جار لە چاڵە بچووکەکانی پیادەڕەوەکان هەڵدەکەوم و پێڵاوەکانم لە پێم دەردێن، بەڵام دیسان خۆمی پێ دەگەیەنمەوە و ئاگام لە ماسییە بچووکەکەی نێو تۆنگەکەم دەبێت. قەفەزی کتێبەکان گەردنی گرتووم و بە زۆر لە خۆمی دوور دەخەمەوە و خۆم وەردەسووڕێنم. هەڵدەستمەوە و بێچرپە دەرگای سەر حەوشەکە دەکەمەوە، بەفری سەر پێڵاوەکانم دەتەکێنم و لە پێیدەکەم، بەفر پلیکانەکانی داپۆشیوە، توند توند نەردەکان دەگرم و بە هێواشی دڕۆمە خوارەوە. مەستەراکە لە ژێر پلیکانەکاندایە، تا دەگەمە بەر دەرگاکە خوێن بەقاچمدا دێتە خوار. بیر لەو قسەیەی دایکم دەکەمەوە: تا نەکەویتە سووڕی مانگانەوە گەورە نابی! پێدەکەنم... ئاوەکە بەردەدەمەوە ساردتر لە بەفری سەر پلیکانەکانە، بە خۆم دەڵێم: چەندە گەورە بوون هەستێکی خۆشە، دەژی بەرگەی ئەم ساردییەش بگرم. خۆم دەشۆرم و بە پلیکانەکاندا وەسەر دەکەوم، لە سەر دوایین پلیکانەدا پشیلەیە خۆی بە قاچمدا دەئاڵێنێ، دەستم لە نەردەکە بەر دەبێتەوە و بە دوادا دەکەوم. پەتوەکە لادەدەم زەردەی خۆر تیشکی خستۆتە سەر تابلۆی سەر دیوارەکە.

سەیری دەور و بەرم دەکەم هەموو شتێک لە سەر جێگایەتی، پەلامار دەدەدەم هەستەمەوە بەڵام ناتوانم. تەواوی جێگاکەم خوساندووە. دکتۆرەکە بە زەردەخەنە هەمیشەییەکەیەوە دێت و دەڵێ: وردە وردە خەریکی لە چاک بوونەوە نزیک دەبیتەوە.

✍ شەرمین سالحی



Martina Häusermann

## "گڕکانی یاد"

هێند خێرا دەڕۆیشتم ئاگام لە جادەکە نەمابوو. لە تامەزرۆییم بۆ بینینی ئەو هەستم دەکرد زەمان لە خولی خۆی کەوتووە. دوای ئەو هەموو ساڵە بە ڕێکەوت قاسیدێکم لە ئەوەوە بۆ هاتبوو. کە جارجارێ لایەکم لەو مێرمنداڵەی تەنیشتم دەکردەوە ڕوخسارێکی بۆشم ئەدیت. هیچم لە نیگای ئەو منداڵ نەدەخوێندەوە کە بێدەروەست لە کورسییەکەی کنمەوە و لە جامی ماشێنەکەوە سەیری جادە و سروشتی دەورووبەرمانی دەکرد.

دوای ڕووخانی سەدام و گەڕانەوەی ئاوارە ئێرانییەکانی کامپەکانی ڕۆمادی و تاش، ماوەیەک بوو لە لایەن زانیارییەوە ڕاسپێردرابووم چاودێری کاروباری ناسنامەی ئاوارەکان بم. ئەو بەیانییە کە لە بەڕێوەبەرایەتی بینیم پسوولەی ناسنامە کاتییەکەی تێپەڕبوونی سەر سنووری خستبۆوە نایلۆنێکەوە. سەرەتا سەیرم لێهات منداڵێکیان لە شارەدێیەکی دوور لەم شارەی ئێمەوە ناردووە بۆ وەرگرتنی پسوولەی ئاوارەکان. مێرمنداڵێکی شەرمنی کەمدوو بوو بە چاوێکی گەش و قژێکی مژۆڵینی کاڵەوە. بەو جلە شڕ و شێواوانەی بەری و ئەو دەمووچاوە تاوەسووتەیدا دیار بوو هێشتا تۆزی کامپی لێ نەبووەتەوە. کە لە ناو پاڵەپەستۆی حەشیمەتەکەدا دیتم هەستێک پاڵی پێوە نام لە سەر کورسیەکەم هەستم و دەستی بگرم و بیهێنمە پاڵ خۆم. نایلۆنێکی پڕ لە ناسنامە و کۆپی و قاقەزی پێبوو. بێ نۆرە وەرمگرتن و ویستم زووتر کاری بخەمەڕێ. کە ناسنامەکانم دەرهێنا سەرەتا شتێک سەرنجی ڕانەکێشام. ناسنامەی هەتیوێک بوو کە باوکی مردووە. کە لەپڕ  ناوی دایکیم بەرچاو کەوت ئیدی هەموو شت لە بەرچاوم گۆڕا. "سامان زهی" کوڕی "ئیحسان زهی" ناوی دایک "ئاریز تاری"؟ قەیریک بە کوڕەکەدا ڕامام. دەمزانی ئەو خەڵکەی لە سەرەدان لەشێواویم تێگەیشتوون. بێ ئەوەی شتێک بڵێم کارەکانم سپارد بە کەسی دیکە و دەستی سامانم گرت و هاتمە دەرێ.

دڵنیابووم دۆزیومەتەوە. لە ناو ڕێدا ئەگەرچی هەزار پرسیار لە مێشکمدا گینگڵی ئەدا بەڵام نەمگەرەکبوو سیمای منداڵانە و بێگەردی سامان بەو پرسیارانەی خۆم تێک بدەم. ئەو دیمە منداڵانەی سامان، ئاریزی بیر ئەهێنامەوە ئەو دەمەی بۆ یەکەمجار تەیمورم بردەماڵیان. هەمان ئەو نیگا پاکەی هەبوو. هەمان بێدەنگی و هەمان هەڵکورمان. تەنیا پرسیارێک لێم کرد لە بارەی شوێنی نیشتەجێبوونیان بوو کە دەکەوتە ئەو شارەدێیە بە دووری چل کیلۆمەتر لە شارەکەی ئێمە هەڵکەوتبوو و

ئاوارە گەڕاوەکانی دوای ڕووخانی سەدام لەوێ نیشتەجێ کرابوون.

کە گەیشتین سامان لە ناو ئەو خێمانەی لەو دەشتەدا هەڵدرابوونەوە لە پێچاوپێچی چەند چادرێکدا یەکسەر بردمیە سەر ئەو چادرەی خۆیان. خۆی بوو. هەر ئەو ئارێزە بوو ساڵانێک لەوەپێش من و چەند گزیرێکی تەیموور وەکوو کچی پێشمەرگەیەک پێمان ناساند . هەستێکی نامۆم هەبوو. دوای ئەو هەموو ساڵە بینینی ئارێز لەو خێمانەدا هەستی کولانەوەی کولمیروویەکی پڕ ژانی پێدەبەخشیم. بینینی کوتوپڕی چەند کاری کردە سەر من و هەژاندمی بە پێچەوانەوە نیگای ئەو هەزار هێندە سارد بوو. هیچی لەو کچە نەدەچوو ڕۆژێک لە ڕۆژان پێش ئەوەی تەیمووری ئێرە (و ئیحسانی ئەودیو) لەگەڵ ڕەوی ئێرانییەکانی سەر سنوور لەتەک خۆی و بە دەستووری سەرەوەی بۆ جاسووسی بەعسییەکان لە ڕیزی ئاوارەکاندا بردبووی بۆ عێراق، بە زۆر پەستاوتمانە ناو ماشێن و هێنامان بۆ ئەو ماڵەی تەیموور لە گەڕەکی ئەندامانی زانیاری. لە نیگایدا خەم و کینەیەکی دێرینم خوێندەوە. نازانم لە خەمساردی بوو یان لە ڕق کە خێرا خۆی کرد بە خێمەکەدا. سامان سەری سوورمابوو. لە مۆلەق بوونی نیگاکانی بە من و دایکی تێگەیشتم حەپەساوە. کە سەرم کێشایە ناو چادرەکەوە ئارێزم لە حاڵێکدا بینی سەری خستۆتە کۆشی و بە هێمنی ئەگری. هەتا گریان و بەرەنیسکیشی ڕەنگی پیرییان گرتبوو. ئەو ڕۆژە بێ ئەوەی هەواڵی تەیموور بپرسم گەڕامەوە. ئەوی شەو تا بەیانی نەخەوتم. د یمەنی ئەو قیژە و هەرایەی ئارێز و دایکی، سەری خوار و کزی خوشک و برا چووکەکانی، فانۆسێکی کز کە بە کۆڵەکەکەدا هەڵوەسرابوو هەتا بەیانی لە بەر چاوم بوو. ئەو ڕۆژەم بە بیردا هاتەوە ماڵیان لە دوای ئەو ئابڕووچوونە گواستیانەوە بۆ شوێنێکی نادیار و ئیتر هەرگیز ئارێزیش ماڵە باوانی نەدیتەوە. من لەو کارەدا خۆم بە بەرپرس و تاوانبار ئەزانی، چوونکە ئەودەم ئەوە من بووم وەکوو دیاری و ئەتک ئارێزی هاوشاریم بۆ چەند ڕۆژێک بە زۆر دا بەو کابرا کەلهوڕە و ئەوەتا ژیانی بوو بە بەشێک لە مەئموورییەتێکی چەندین ساڵە. ئەو شەو تا بەیان پڕیشک و پشکۆی ویژدانم لە ژێر خۆڵەمێشی ئەو هەموو ساڵەدا گڕی تێبەردابووم. دڵنیابووم تەیموور نەمردووە و تەنیا مەئمووریەتی لەوێندەر تەواو بووە و ئێستا کە گەڕاوەتەوە، ژیانی ژن و منداڵەکەی لەو کامپەدا ژیانێکی کاتییەوە و هەر ئەوەندە لای گرینگە بە ناوی دی بیانگوازێتەوە بۆ شوێنی دی و ئاسەواری هەموو ئەو تاوانانە بسرێتەوە و بۆ خۆی بە ناوی تر و بۆ مەئمووریەتی تر ژیانێکیتر دەستپێبکاتەوە. بۆیە

بەرەبەیـــان خـــۆم گـــورج کـردەوە و بەرەو کامپەکە بوومەوە تا پێش ئەو دەستبەکار بم. چێشـــتەنگاوان گەیشـــتمە کامپ. کە گەیشـــتمە بەر خێمەکە و لە دەرووەکەوە ســـەرم خســـتە ژوورەوە، خێمەیەکی بەتاڵم دیت. دڵم داخورپا. دەورووپشتی خێمەکەم پشـــکنی. کەس دیار نەمابوو. خێمەکە چۆڵ بـوو. هەمـوو کـامـپەکە گەڕام. لە هەموو کەسم پرسـی. بەڵام لە دوێشـەوێ کەس هەواڵێـکی لـێـیـان نەبوو. هەتـا بەرپرسیارانی کامپەکەش شـتێکیان نەدا بە دەستەوە....

پزیســکی ئەو گڕکانەی تاوان ســاڵەهایە کەوتۆتە هەناومەوە و ئەوەتا چوار ســـاڵە وەک عەودالان لە هەموو جێگـایەک لە هەموو گوند و شـارێکدا بەدوای ئارێز و ســـامـان دا دەگەڕێم. کـامە قوژبنی ئەم وڵاتەیە لێکم داوەتەوە. چ شـــوێن نەبێ نەگەرابم بۆ شـوێنەشـۆپێکیان. چیتر من بە دوای هاواری ویژدانی خۆمدا، بە شوێن بەرامەی ئەو ژنەدا ژیـانـی کەوتە بەر تەوژمی هەوەســی ئێمە و لە شـــوێن ئەو کورەدا بەرهەمی حەز و خواســـتێکی پیســی ئەو نەسـڵەی ئێمە بوو بسـت بە بسـتی ئەم وڵاتە و شـەقام بە شـەقامی شاران و هەموو کون و کۆلانان دەگەڕێم و دەگەڕێم و دەگەڕێم...

✍ **موحسین سوبحانی**



Martina Häusermann

## "مەستی مەست"

گوتیان: نابێ

گوتم: بۆ؟

گوتت: بێفایدەیە

گوتم: دەڕۆین

گوتت: باسی سەرە

گوتیان: تێمانڕۆهاتووە

گوتت: بەتەما نیم

گوتم: درۆ دەکەی

هەموو جارێ کە دەچوومە دووکانی بابم، چاوم خێس دەبوو؛ ئەوەندەی چاو لە دووکانی بابت بکەم بزانم؛ تۆش لەوێی یان نا. ساندسیش، هەر ساندیسی قەدیم! ئەودەم نووشابە بە پێنج تمەن بوو؛ ساندیس بە حەوت تمەن. بابت یان بابم سەروو ساندیسێکیان بۆ دەکڕین؛ ئێمەش لەبەر دووکان دەمانخوارد و لە تاریکەبازار کایەمان دەکرد. مژت کە لە قامیشەکە دەدا؛ لە قوڵایی ڕوومەتت دا نوقم دەبووم.

شەوی خوازبێنی کراسێکی گوڵچندراوی چێرەییت لە بەر دا بوو. لەبیرمە هێند لە خۆم و خۆت خاترجەم بووم؛ بە کلکم گوێزم دەشکاند. من چوزانم دایکت...

کاتێک دوای سێ ساڵ ئەودەستەودەستی ماڵی بابت، گوتت بەتەما نیم شوو بکەم؛ قەت باوەڕم نەدەکرد؛ لە ماوەی سێ مانگ دا، تۆ لە ماڵی مێردت دا ببینم!

ساندیسەکانی ئێستاکە بێتامن. ئەلان هیچ کە ساندیس ناخۆم؛ ڕقی دنیاشم لە وانەیە کە ساندیس دەخۆن. ئەو ئیستکانە لە بن کێلەکەت دا دەشارمەوە. شەرت بێ؛ هەتا مابم؛ هەر وا کوڕۆکە بمێنمەوە و هەموو مانگێ جارێک لەسەر مەزارەکەت، مەستی کەم.

✍ **بیژەن ڕەحمانی**



Martina Häusermann

## "هێلنجی ژیان"

پێش ئەوەی سەرم دەست بە وەرین بکات؛ بۆخۆم بە ماشێنی ژمارە چوار تاشیم. ئێستاکە بەو سیرۆمەی لێمدەدەن؛ هێلنجم نایات. بنیادەم کە هیوای نامێنێ؛ هەموو ڕێگاکان تاقی دەکاتەوە. دوای ئەوەی دوکتورەکان جوابیان کردم؛ بە قسەی هێندێک چووم شەمشەمە کوێرەم پەیدا کرد و بە باڵیی ئاوم خواردەوە. بەشکم بە ئاواتی دڵی خۆم بگەم!

یەکەم جار کە سەرم هەڵداوە تەمەنم هەژدە ساڵ بوو; هێندەم شایی بە سەرم بوو; کە نوێژم دەکرد; بۆ سوجدە نەمدەهێشت سەرم لە عەرزی کەوێ! ژیان تووکی سەرم بە ماشێنی ژمارە سیفر بۆ دەتاشێ. ئێستاکە نە تووکم بەسەرەوە ماوە و نە نوێژیش دەکەم.

✍ بیژەن ڕەحمانی



📷 Martina Häusermann

## "سەرەونوخون"

دەستم بە لێواری چوار چێوەی درگای هاڵەکەوە دەگرم،چاوم بە تاکی پێڵاوێک دەکەوێ سەرو نوخون کەوتە.

خۆم بەهاری پارەکە سەندم بۆی،

_کاک حەسەن بەچەندەیە ئەو پێڵاوانە؟

_بیست هەزار؛بۆ تۆ نابێ ئەگەر دەتهەوێ بۆ پیاسە بیکەی!

_نا بۆخۆمم ناوێ، بۆ پیاوەکەمانم دەوێت با کەم کەوشی میوانی و بازاڕی ببات بۆ باخ.

_چا ئەو هەنگاوانەی وا ئەو دەینێ.

هەنگاوەکانم چکۆلە هەڵدەگرم و لە ڕێڕەوەکە ئەچمە ژوورەوە،لەتە قوڕێک زۆر زەق دێتە بەرچاوم،چۆن لە یادم چووە ئەوە خاوێن کەمەوە.

_پیاوەکە،دیسان بەو کەوشە قوڕاویانەتەوە هاتیە سەر فەرشەکان،ئەوە دیسان چیت خواردۆتەوە لەو باخە بەقوڕە گیراوە؟

_ماڵی باوکت بەقوڕ گیراوە ژنەتیو،زۆر مەلێ با تەواو دیوەکە تێوە نەدەم،چیە دیسان حەزت لە تێهەڵدانە.

_کەس ناتوانێ لێمدات،ئەوە ساڵان نەماوە دەستت لێم کەوێ خۆت دەزانی،ئێستاش لەو مۆبلانە دوورکەوەرۆ.

دەستم لە قەراغی دیوارەکەیە خوێنی سەر مۆبلەکان ئێستاش پێیەوە ماون،خوێن بە چی خاوێن دەبێت؟کەس دەستی نەداوە ئەو شتەمەکانم بۆ لادات،ئێستاش هەمووی خەیار و کاهووەکان بەسەر فەرشەکەوە ماون،ئەوانە بە چی لێ دەبنەوە خوا هاوار.

_چیە دیسان بە کەوشەکانت بۆ دیتە شوورەوە ئەمڕۆ چیت کردۆتە زەهری مارت

_کەم بلێ با نەتتۆپێنم

_ئەوە تا کەوشەکەی دیکەت داکەندە ئەمەت بۆ لەگەڵ خۆت هێناوە

_دیسان بیری ساڵانت کردە،ڕاوەستە بۆم دێڵە سەگ،ئەوە دیاری کا حەسەنی کەڵەگاتە.

_دەمت داخە تۆ هەر پیاو نیت.

چی بوو بۆ هەموو شتێک بێ دەنگ بوو.

ئاوڕێک دەدەمەوە

ئەرێ

من کوشتم

ساڵانێک ئەو چەقۆی لێدەدام

ئێستا من چەقۆیەکم لێدا

ئەها جێ دەستەکانم

تێ گەیشتن.

✍ زانا شەریفیان



Martina Häusermann

## "کلۆنازپام"

باران بە شێنەیی لە شیشەی پەنجەرەی ژوورەکەیدەدا. لە پشت مێزەکەی هەستا و پەردە کرکرە شینەکەی لادا. شەقام تەڕ ببوو و ماشینەکان شیشەسڕەکانیان هەڵکردبوو. خەڵکێکی زۆر بێ چەتر لە شەقامەکان دەپەڕانەوە. هەندێ کەس لە وێستگەی تاکسی و هەندێکیش لەژێر ساباتی دووکانەکاندا وێستابوون. ژیان، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی کارکردنیدا، ژیانی بۆ زۆر کەس گەڕاندبووەوە...گەڕایەوە و لە پشت مێزەکەی دانیشت؛ ڕووی لە کچە گەنجەکە کرد و بە پێکەنینەوە گوتی: چ بارانێکی ناوادە بوو! کارناسی هەواناسی هەواڵی نەدابوو. دواتر بەم شێوەیە درێژەی بە قسەکانیدا: هەر ڕۆژ کەسانێکی زۆر ویزیت دەکەم؛ کەسانێک کە بە هەڵسووکەوتەکانیان دەبن بە هۆی ئازاری خۆیان و دەور و بەریان. کەسانێک کە دۆستایەتی دەکەن بە دوژمنایەتی و خۆشەویستی بە ڕق و بوغز دەگۆڕنەوە. عەشق دەتوانێ بە زۆر شێوە خۆی پیشان بدات، دەتوانێ بە خواردنی شۆکۆلاتێکی تاڵ یان خواردنەوەیەکی گەرم لە ڕۆژە زستانییەک لە یەکێک لە پارکەکانی شاردا، یان لە ڕێگە ڕۆشتنێکی درێژماوە لە ڕۆژە بارانییەکدا خۆی بنوێنێت. زۆر کەس پێی وایە عەشق واتا یاری کردن بە پرچی کچێک و ماق بوون لە چاوانی یەکتردا تا ئەو شوێنەی کە لێدانی دڵ دەچێتە سەر و هەردوو لە عارەقدا دەخووسێن...بەڵام عەشق دەتوانێ لە دەنگی چۆلەکەیەکدا بێ کە بەیانیان لە سەر داری حەوشەکە دەجریوێنێ و خەوت لێدەزڕێنێت. دەتوانێ بۆنی مۆرەبای سێوێ بێ کە دایکت خەریکی ساز کردنیەتی و عەتر و بۆنی لە ماڵەکەدا بڵاو بووەتەوە. کاتی ئەوە هاتووە کە بێهیوایی و بەرچاوتاریکی بسڕیتەوە و پەنجەرەیەکیتر بە ڕووی ژیاندا بکەیتەوە؛ ئەوسا دەتوانی سەر لە نوێ بژییتەوە."
کاتێ کچە گەنجەکە لە ژوورەکە چووە دەرەوە هەستا و بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشتەوە. شیشەی پەنجەرەکە هەڵم گرتبووی، بە دەستەسڕێک دەیسڕیەوە؛ باران شەقامەکەی شۆردبووەوە، کەسێکت لە ژێر باراندا نەدەبینی، هەموو لە پەناگاکاندا خۆیان حەشار دابوو، هەموو لە تەڕ بوون دەترسان. بە تەقەی درگاکە ڕاچڵەکا و گەڕایەوە بۆ پشت مێزەکەی. دوای چەند خولەک گوێگرتن گوتی: هەندێک جار لە پەیوەندییەکدا هەڵە ڕوو دەدات، بۆ چەن چرکە چاومان بە کەسێک دەکەوێ کە پێمان وایە ساڵانێکە دەیناسین و پێشتر دەیان جار بینوومانە. کەسێک کە هاوشێوەی کەسی خەیاڵەکانمانە و هەستێک لە ڕاستگۆیی و خۆشەویستی و عەشق و دڵنیاییمان پێ دەبەخشێت. بەڵام دواتر دەزانین ئەم کەسە

هەمان کەسی خەیاڵەکانمان نییە و ئەو بیرەوەرییە لە بەشی "گێجگایی" مێشکماندایە کە چاومان، بە هەڵە بڕوای پێدەکات و ئەو هەستەمان بۆ دەگەوازێتەوە. بەڵام دەبێ بزانین ئەمە هەڵەی ئەو بەشە گێژەی مێشکمانە کە تووشی کێشەمان دەکات. دەبێ بزانین کە ناسینێکی کورت ماوە بۆ هەڵبژاردن بەس نییە و پێویستە کاتێکی زیاتر بۆ ناسینی مرۆڤەکان دانێین. بە سکێرتێرەکەی گوت: بۆ ئیمڕۆ تەواوە! قەرارەکانی دیکە بۆ سبەی دانێ. دواتر جانتاکەی هەڵگرت و شوێنی کارەکەی بەجێهێشت. سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد و دەستی هەنگاوەکانی توندتر هەڵدەگرت. کاتێ گەیشتە ماڵەوە خۆی لە سووچێکدا فڕێدا. سەیرێکی ئاوێنەکەی کرد دەستێکی بە دەم و چاویدا هێنا؛ قژی هێشتا تەڕ بوو. گەرمی هەوای ژوورەکە بەر لەشی دەکەوت و هەستێکی خۆشی پێدەدا. کراسێکی ڕەشی لە بەر کرد و زەردەخەنەیەکی تاڵی بە ئاوێنەکەدا. دەستی بە سەر گۆنایدا دەکێشا، ڕوخسارێک کە هیچ دەستێک بە سەریا پیاسەی نەکردبوو. پیاڵەکانی تا سەر لێوارەکەی لە چایی پڕ کردبوو. دایکی لە هەموویان زیاتر سەیری دەکرد وەک ئەوەی دەمێ ساڵ بێ چاوی بە ژیان نەکەوتبێت. باوکی بەڵام چاوی لەو دیو گوڵە زەرد و پەمەییەکانی فەرشەکە تێپەڕاندبوو. لە نێوان ئەو هەموو چاوەدا تەنیا لە چاوی بابی شەرمی دەکرد. گەڕایەوە چێشتخانەکە، هەموو شتێکی ڕەش دەبینی وەک ئەوەی هیچ کەسێک نەبینێت. هەستی بە هەناسەتەنگی دەکرد. خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەی چێشتخانەکە و پەنجەرە هەڵم گرتووەکەی بە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی کۆنە سڕیەوە. دەنگەکان لە مێشکیدا دەنگی دەدایەوە."دنیا زیندانێکی گەورەیە! دەتوانی بە خۆخلافکێ و پشت تێکردن یان بە چێژ و حەبی خەو خۆت فریو بدەیت تا کاتەکانت تێدەپەڕن یان بە دوای مانادا بگەڕێی..." وێنەیەک ڕەش و سپی لە ڕۆژنامەکەدا سەرنجی ڕاکێشا. وێنەی خۆی دەبینی بە تیترێکی گەورە نووسرابوو: "کلۆنازپام و کۆتایی ژیان"

✍ شەرمین ساڵحی



Martina Häusermann

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!

٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.

٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.

٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆر (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌̄ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:

ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.

ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]

٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:

لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:

گوتم:

ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بەتامترە چیرۆک

## مەنوچێهر ئیسماعیلزادە ـ بۆکان / گۆشت!

کابرایەک بوو هەرچی گۆشتی دێناوە بۆ ماڵێ، ژنەکەی دەیدا بە کەڵەگاکەی و وەختی ژەمەکان نان و دۆی بۆ مێردەکەی دادەنا. کابرا دەیکوت: ئەرێ ژنەکە بۆ گۆشتت لێنەناوە؟

ژنە دەستی بەکەلەکەیەوە دەنا و دەیکوت: بۆ تەشقەڵەم پێ دەکەی، تۆ کەنگێت گۆشت هێناوەتەوە؟ ئەک خودا هەڵینەگرێ، ئەیەڕۆ تۆ لەوەتا هەی نەتزانیوە کیلۆیەک گۆشت بکڕی.

کابرا یەک ساڵی ڕەبەق هەر گۆشتی هێناوە و چاوی پێی نەکەوت. ڕۆژێک بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا هاتەوە و دەروجیران هەموو هاتنە دەرێ و کوتیان: کاکە، ئەو دەهۆڵ و زوڕنایە بۆچییە؟ کابرا کوتی: ساڵێکی ڕەبەقە من گۆشت دێنمەوە بۆ ماڵێ و ئەو ژنەتیوە هەر نان و دۆم دەرخوارد دەدا. ئەوە بە تەقەی دەهۆڵ و زۆڕنا گۆشتم هێناوەتەوە با هەمووتان شایەد بن من گۆشتم کڕیوە و هێناومەتەوە. ژنە بۆ ئێوارێ چێشتی گۆشتی لێنا و گەڵەگاکەی ئاگادار کرد و کوتی: لە مزگەوت بۆ نوێژی شێوان بچووە لای شانی ڕاستەی مێردەکم ڕاوەستە، دەتهێنێتەوە بۆ ماڵێ. تۆ لەو گۆشتە نەخۆی من دڵم دەتۆقێ.

ئێوارە کابرا ویستی بچێ بۆ مزگەوت، ژنە پێی کوت: پیاوەکە دوێشەو خەونم دیوە لە کاتی نوێژدا هەر کەس لای شانی ڕاستتەوە بوو بۆ شام بیهێنییەوە و لەو گۆشتە بخوا حەوت پشتمان دەچێتە بەهەشت. نوێژی شێوان کەڵەگای ژنە فریا نەکەوت بچێتە شانی ڕاستەی کابرا و پیاوێکی غەریبە چوو ڕاوەستا. کابرا سڵاوی نوێژەکەی داوە و بە کابرای کوت: تۆ

میوانی منی، بڕۆ با بڕۆینەوە. کابرای غەریبە کوتی: حەک ماڵت ئاوەدان بێ، وەڵڵا من لێرە کەس ناناسم و زۆریشم پێ خۆشە، لەگەڵت دێم. کە گەیشتنەوە ماڵێ، ژنە بەرەوپیریان چوو. پێی وابوو کەڵەگاکەی لەگەڵ مێردەکەی هاتۆتەوە. دیتی کابرایەکی تەژەی نالەبار لەگەڵ مێردەکەیەتی. چوونە ژووریَ چایەکی بۆ هێنان و خێرا چوو مانگا و جوانەگاکانی بەردا و لە تەویلە زرموکوت ساز بوو. ژنە بە هەڵداوان خۆی کرد بە ژووریێدا و کوتی: پیاوەکە جوانەگا و مانگاکان پێم وابێ زنجیریان پساندووە و خەریکە دار و بەرد بەیەکدا دەدەن.

کابرا بەهەڵداوان ڕۆیشت بۆ تەویلە بۆ لای مانگاکان. ژنە تۆزێ ڕۆن و لۆلەپێکی مەشکەی هێنا و لە لای کابرا دەستی کرد بە چەور کردنی. کابرای غەریبە کوتی: ئەوە دایکەکم ئەو دارەت بۆچییە وا چەوری دەکەی؟

ژنە کوتی :کوڕە ڕەببی ئەو ماڵەم بە قوڕ گرت؛ دابێکی ئەوەندە ناحەز و قۆڕیان هەیە وەختە بە دەستیانەوە شێت بم، کابرا کوتی: دابی چی؟ چۆن؟

ژنە کوتی: نان بە هەر کەس بدەن دوای نانخواردن ئەو دارە لە قوونی دەبڕن، تۆش غەریبەی دەڵێم با زۆر ئەزیەت نەبی، دارەکە چەور دەکەم!

کابرا کوتی: ئەی بە قوزەڵقورتم بێ نانی وا، وەڵڵا دەمی لێ نادەم. هەستا بە پەلەپڕووزێ کەوشی لەپێ کرد و هەڵات. ئەو هەڵات و ژنە بە هەناسەبڕکێ چوو بۆ تەویلە و بە مێردەکەی کوت: وەرە خودا غەزەبت لێ گرێ و بەخێر نەیەوە بۆ میوانت، خۆ پڕی بە دیزە چێشتەکەدا کرد و ڕفاندی و هەڵات!

کابرا کوتی: هەی نەبی؟ لە کوێوە هەڵات؟

ژنە کوتی: بەو ڕێگایەی بەر نێودێیەوە هەڵات.

کابرا دەستی دا نانێکی نەرم و وەدوای کەوت لە دوورەوە تارمایی کابرای دی هەڵدەهات هەرای کرد: کوڕە هەڵمەیە هەر ئەوەی پێدا دەکەم.

کابرای غەریبە بە هەناسەبڕکێ وەڵامی داوە: ئەوە بکە بە قوونی باب و باپیرتدا سەگی سەگباب! هەتا کابرا گەڕاوە، ژنە لەگەڵ کەڵەگاکەی گۆشتەکەیان خوارد!

**بڕست:**

لە خانەقای شێخی بورهان سەید ڕەشیدێکی لێ بوو هەمەکارەی شێخ بوو و زۆریش حەقبێژ و قسەخۆش بوو. شەوێک میوانێکی زۆر دێ بۆ خانەقا. میوانێک بە سەید دەڵێ: سەید، بڵێی لێفەمان وەبەر کەوێ؟

سەید دەڵێ: خەمت نەبێ ئەگەر خۆمت پێ دادەم نایەڵم، بێ لێفە بی!

**سەعید ئیسماعیلپوور:**

تازە فێری خەتاتی ببووم، لەگەڵ کاک جلال حەمزەزادە چووین بۆ تاران.

ئەو بۆ زانکۆ و منیش بۆ خەت نووسین. لە تەنیشت تالاری وەحدەت کیفم کردەوە و دەستم کرد بە نووسین. خەڵکێکی زۆرم تێهالا. پێیان سەیر بوو، شتی وایان نەدیتبوو؛ خەتاتی لە سەر پیادەڕەو. دوو هاوڵاتی کورد پەیدا بوون، نەیانزانی منیش کوردم. یەکیان بە ڕەفیقەکەی کوت: تیەح! ئەو سەگبابە چۆنی دەنووسێ!

منیش خۆم لە گێژی دا و هیچم نەکوت. بەڵام جەلال کە لە زانکۆوە هاتبووە لام مردبوو لە پێکەنین.

**هەوار:**

کاک مستەفا تۆیتای هەبوو، مسافیرکێشی پێ دەکرد، بۆی گێڕامەوە: ڕۆژێک بۆ لای سەردەشت دەرۆیشتم نەفەرێکم سوار کرد. "ڕەحمانە شێت"ی "سارکێ" پەیدا بوو و کوتی: مینش واوە دێم، سوارم کە. لە دڵی خۆما کوتم با بێ قسەی خۆشمان بۆ دەکا. سوارم کرد و

وەرێ کەوتین. دەستی کرد بە گێڕانەوەی قسەی خۆش. قسەیەکی گێراوە، کوتم: وەڵڵا گوت بخواردایە باشتر بوو! هیچی نەکوت. قسەیەکی تری گێڕاوە هەر وام کوت، دیسان هیچی نەکوت. لای کۆخان مسافیرەکە کرێکەی دا و دابەزی. ڕۆیشتین گەیشتینە "دارساوێن"، کوتی: منیش دادەبەزم؛ دابەزی و ڕۆیشت و کرێی نەدا. کوتم: ئەی کرێکەت؟

کوتی: وەڵڵاهی گوو بخۆی لەو قسەیە باشترە!

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک":** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Martina Häusermann